ژمارە (٣) هەینی ٢٠١٩/٥/٣

شانۆکار

## خۆمان..بەشێك لە قەیرانەکەین

رازی شانۆکارێك

یاسین قادر بەرزنجی




مایەو سەرمایەی بزاڤە شانۆییەکەمان خودی شانۆکاران خۆیانن، هەر لە نووسەری شانۆنامەوە تا دەگات بەو جێبەجێکارە هونەرییانەی کە لەودیو کەوالیسەوە ، پلانی دەرهێنەر ، لەگەڵ ئەکتەرە بەشدارەکاندا ، دەگەێننە بینەری نمایشەکان .

یەك لە هۆکارەکانی ئەو رەوشەی سالآنێکە بە قەیران ناودەبرێت خودی شانۆکاران خۆمانین ، ئەویش خۆ پەروەردەنەکردنە بە رۆشنبیرییەکی شانۆیی ئەوتۆ کە پێویستە هەموو شانۆکارێك بۆ قاڵبوونی بەهرەمەندیی خۆی هەیبێت .

پاشخانی مەعریفی و فراوانیی بازنەی رۆشنبیری بۆ شانۆکاری ئێمە لە چەندین رووەوە پێویست و گرنگە ،دیارترینیان، بڕیاری شانۆکارە بۆ کارکردن یا نەکردن لە هەر کارێکی شانۆییدا ، هەر کارێك کە ئاخۆ ئیزافە دەبێت بۆ بزوتنەوە شانۆییەکەو سوودو چێژوەرگرتنی بینەران، یان بە پێچەوانەوە ؟ هاوکات شانۆکاری رۆشنبیرو خاوەن پەیام هەمیشە قسەی خۆی دە بێت لەسەر نمایشەکان بە گشتی و خەمخۆرانەش پەرە بە بەهرەمەندیی خۆی دەدات و دەیەوێ روویەکی گەش و کاراکتەرێکی بەهێز بێت لە نێو گروپەکەیدا و و ناوەندە شانۆییەکەش بە سەنگینی بڕوانە کارەکانی و گوێ لە بیروڕاکانی بگرن .

بەکورتی ، چارەسەری قەیرانی شانۆمان بەشێکی گرنگی بە شانۆکارە خوێندەوارو هەڵکەوتووەکان دەکرێت ، ئەوانەی لای بینەران بەرێزو خۆشەویستن .

## ڕەخنە وەك چەك



داستان بەرزان

ڕەخنە شانبەشانی هونەر ڕێدەکات و کایەیەکی سەربەخۆی بەرهەمهێنانی مانایە، بەڵام ئەم تێڕوانینە لە دونیای شانۆیی ئێمەدا دوورتر لە مانای راستەقینەی خۆی کاری پێدەکرێت، ئەمەش بە کەمێك وردبوونەوەمان لە نووسینانەی بە ناوی ڕەخنەوە دەنووسرێن و پەخشدەکرێن زیاتر ڕووندەبێتەوە.

وەك دەبینین ڕۆژانە لە ڕێگەی کەناڵە جیاوازەکانی گەیاندنەوە نووسینگەلێکی ئاستنزم و خاوەن زمانێکی توند و بریندارکەر بلآودەکرێنەوە کە ئامانج لێیان تەنیا سڕینەوە و وێرانکردنی یەکترە، ئەم نەریتەش لە دونیای ئێمەدا مێژوورییەکی دێرینی هەیە و کارکردن بۆ گۆڕین و دەستکارییکردنی ئەم دیدەش بۆ ڕەخنە کاری کەسانی شارەزا و ئەکادیمیستە، کەچی بە شەرمەوە وەك دەبینین ئەوانەی دەستیان هەیە لە برەودان بەم مۆدێلە لە ڕەخنەدا هەیە زۆرینەی کات کەسانی بوارەکە و ئەکادیمی و مامۆستایانی شانۆن لە کۆلێژ و پەیمانگاکان، بۆیە نائومێدانە دەڵێم ئاسان نییە ئەم کارە و گۆڕینی ئەم دیدگا خراپە بۆ ڕەخنە، بێدەنگبوونیش لێی بە مانای ئەوە نییە قبوڵکرابێت و قسەی زۆرمان لەسەری نەبێت.

## شانۆیەك لەبەردەم مەرگدا

### بەشی دووەم وکۆتایی



(٨)

ئێستا ئێمە لەبەردەم ترسەکەداین رێك لەو دیمەنەی شانۆگەری هاملێت ئەچین کاتێ هۆراشیۆ تارمایی ئەبینێت، ئەبێت وەك پاسەوانی شانۆکەمان بڵێین "بیدوێنە ئەی هۆراشیۆ" بەڵام ئەبێت ووریا بین لەبەردەم تارمایی وحەقیقەتی کوشتندا هاملێتی شانۆکەمان لەدەست نەدەین.

(٩)

رووی دەممان ئاراستەی ئەو شوێنانە ئەکەین کە ئیتر دەست بەنمایشەوە بگرن، چیتر پارە مەخەنە بەردەستی مناڵەکانەوە، کە هیشتا ئەلف وبێی شانۆ فێر نەبوونە، ئێمە پێویستمان بە تێگەیشتنی عەقڵی نوێ وئازادبوونە لەو هەیمەنە ئایدیۆلۆژیەی حزبی کوردیی کە لەسەر شانۆکان درووستی کردووە، بەڕێوبەرەکان ڕاویژکارەکان چیتر لەکۆمیتەوناوچەکان یەکلا مەکەنەوە، تەزکیەی لق ومەڵبەندەکان مەکەن بە کارتی واسیتە بۆ وەرگرتنی پارە تا کادیرێکی خۆتان بتوانێ نمایشێکی شانۆیی بکات.

(١٠)

ترسێکی گەو رەمان لەوەیە ئەو دەسەڵاتە بێخەمە لەئاستی شانۆ، بمانکاتە شاهیدی کوشتنی شانۆ، بەپیلانێك بەتەنیا تارمایی نەکوژرابێت، بەڵکو هاملێتەکەشمان لەدەست بچێت وکۆتاییەکی تراژیدی چاوەڕێمان بکات، ئەوسا عەقلیەت ودەسەڵاتی ملهوڕی وەك مانا ڕەمزیەکەی کۆتایشی بێت هیچ چارەسەرێك نیە، کە شانۆمان نەبوو، دەوڵەتیش بۆ من لەنوکتەی مەلای مەشهور دەچێت.

(١١)

دنیا ئەتوانێ لەچرکەساتێکدا بمانکات بەخاوەنی دەوڵەت، بەڵام هەموو دنیا ناتوانێ سیمایەکی شانۆییمان پێ ببەخشێت، ئەوە هەموو کەسێك تێی ناگات، بەتایبەت سیاسی ملهوڕ، ئێمە دەبێت دەسەڵاتێکمان هەبێت درك بە گرنگی شانۆ لەکۆمەڵگا بکات، پێویستە وەزارەتی رۆشنبیریی کار بکات بۆ بوونی رۆژنامەیەکی شانۆیی و گۆڤاری شانۆیی مانگانەو تەنانەت کەناڵێکی ناوخۆیی شانۆیی تا شانۆ بخاتە ماڵەکانەوە، بۆ ئەوەی شانۆ وەك کولتوورێك لەکۆمەڵگا بچەسپێنین.

(١٢)

ئاخۆ ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی بێبەهاکردنی شانۆداین یاخود کۆمەڵگای ئێمە شانۆی بە گرنگ نەبینییوە، بۆیە شانۆ گرفتی ئێمە نیە؟

بەکولتوور نەبوونی شانۆ وای کردووە کۆمەڵگا وەك بەشێك لەژیانی خۆی سەیری شانۆ نەکات، ئەوە چەندە پەیوەست بێت بە کەمتەرخەمی شانۆکاری کوردەوە، لەهەمان کاتدا پەیوەستە بەدەسەڵاتی سیاسی لەکۆمەڵگادا، هەمیشە شانۆی وەك ئامرازێکی فوکاهی بۆ یادەکان بینیووە، ئەوەش وای کردووە کۆمەڵگای کوردیی شانۆ بەگرنگ نەبینێت و تەنیا توێژێکی خوێنەوار لەکۆمەڵگادا هەست بەو گرنگیە بکات، کە بەداخەوە لەئێستادا ئەو توێژەش بوونی نەماوە.

(١٣)

ئایا دەسەڵاتی کوردیی دەسەڵاتێکە خەمی شانۆی هەڵگرتووە یاخود بەمانای ووشەکە ئەو دەسەڵاتە دڵخۆشە گەر بکەوێتە بەردەم حەقیقەتی مەرگی شانۆ؟

ئێمە دەسەڵاتێکمان هەیە هەمیشە لەبەردەم دامەرزاوە کوولتوریەکان یەك تێگەیشتنی کۆنکرێتی هەیە، یا ئەوەتە دەبێت هەموو شتێك چڕ بکرێتە ناو ستایشەکان، یاخود دەبێت سەرکوت بکرێن ونەمێنن، ئەوە جێگای نیگەرانی کەس نەبێت کاتێك دەسەڵات بەو ئاکارەی وەك فاشیزمێکی ترسناك لەعەقڵی کوردیدا خۆی بسەپێنێت.

(١٤)

ئێستا تەواوی ئەو مەترسیە کوشندەیە ئەبینین کە شانۆیەکمان هەیە لەبەردەمی مەرگدایە، بۆ ئەوەی شانۆکەمان نەمرێت پێویستمان بە بنیاتنانی پرۆژەی تیۆریی ورەخنەیی هەیە، دەست بەنمایشە خراپەکانەوە بگیرێت، بەتوندی رووبەرووی ئەو عەقلیەتە ئایدیۆلۆژیە ببینەوە کە نەیەڵین لەوە زیاتر دەست بخاتە ناو شانۆکەمانەوە، پێویستە فشاری ئەوە درووست بکەین کە لەرێگەی پرۆژەی ستراتیژیەوە شانۆ بەدامەزراوەو بە کولتوور بکرێت لەکۆمەڵگادا، چیتر عەقلیەتی سەلەفی ودۆگما بەناوی کوردبوونەوە شانۆکەمان نەشێوینن، ئەرێ بەراست ئێمە دەبینە شاهیدی مەرگی شانۆکەمان؟ یاخود دەتوانین شانۆکەمان لەکەوتن دەرباز بکەین وبیخەینە ئاستێکی باڵا کە رووخان بە دەیالۆگ بگۆڕین و بێدەنگیش بەرینەوە ئاستی گفتوگۆی ڕەخنەیی ونمایشەکانیش ببنە شوناسی گوتاری شانۆکەمان.

نیهاد جامی/ پۆڵەندا

گۆشەی تایبەت

## شانۆیەکی ژنانە ؟

## یان بەشداری ژن لە شانۆدا ؟

( بەشی سێهەم )



گەر بە خێرایی بە سەر لاپەرەکانی مێژوودا بچینەوە دەبینین کۆمەڵگای ئەغریقی هەمیشە ژنی وەك سێبەری پیاو و بەخێو کەری منداڵ سەیر کردووە کە نەیتوانیوە هیچ دەسەڵات و سەرکردایەتییەك بگرێتە ئەستو ، و هەر لە کتێبەکەی ئەفلاتونەوە بە ناوی ( ئەفلاتون و ژن ) تیشك دەخاتە سەر ئەوە ی کە بە شێك لەو شتانەی ژنان دەخاتە ژێر رکێفیی پیاوانەوە پەیوەندی بە فەلسەفەوە هەیە کە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر مەسەلەی لاوازی جەستەی ژنان لە ئاست پیاواندا کە ئەمەش لە رێگەی فەلسەفەی کلاسیکەوە هاتۆتە بەر باس بە تایبەتی لە سەردەمی یۆنانی کۆندا ، وەك چۆن بوچونەکەی د ، نیهاد سوڵەیحە دەنگی دایەوە کە دەڵێت ( تێڕوانینی ئەرستو ) بۆ ژنان وا ئەژمارد دەکرێت کە چێنێکی سەر بە پاشکۆی پیاوانن ، و لە ئاست چینی کۆیلەکاندان کە ئەمە بوچونی هەر فەیلەسوفێك و داهێنەرێکی دونیا بێت بۆ ئێمەی ژنان بە ئازارە . جارێکی تر وەك نمونە دەگەڕێینەوە بۆ خوێندنەوەی دەقە یۆنانیەکان کە دەرئەنجامی دەقەکانی ( ئۆدیب) چۆن جۆکاستا بە بێ خواست و هەڵبژاردنی خۆی بە بڕیارێکی چارەنووس سازانە شو دەکاتەوە بە کوڕەکەی خۆی و پاشان (میدیا)ی یوربیدس وەك ژنێکی خیانەتکار ، خیانەت لە باوکی دەکات لە پێناو جاسونی خۆشەویستیدا و پاشان چۆن منداڵەکانی بە دەستی خۆی دەکوژێت ، ئەمانە نمونەی ئەو نوسەرانەن کە وێنەی ژنیان وەك وێنەیەکی لاواز یان خیانەتکار یا ن ملکەچی دەستی چارەنووس نیشان داوە ، سەرباری ئەوەش زۆرینەی شانۆنامەکانیان بە ناوی ژنانەوە بوون وەك ( ئەلیکترا، میدیا، ئەفجینا لە ئولیس ، ژنانی تەرواده ،، هتد) بە پیچەوانەی شکسپیری کەڵەنوسەری شانۆی بەریتانیەوە کە زۆرینەی شانۆنامەکانی بە ناوی پیاوانە بوون لە وانە ( ماکبس، هاملێت ، ئوتێلو. شالیر ،، هتد) بە ڵام لای شکسپیر هەر چەندە ژنان بزوێنەرێکی چالاکی سەرەکی نێو چیرۆکی شانۆنامەکانی بوون لە گەڵ ئەوەشدا شکسپیر هیچ کات داکۆکی کارێکی مافەکانی ژنان نەبووە ،

وێنەی ژن لە نێو شانۆنامەکاندا بەم شێوەیە مایەوە هەتا دەرکەوتنی نوسەری گەورەی نەرویجی (ئەبسن )بە شانۆیی ( ماڵی بوکە شووشە) و کەسایەتی نورا کە دەبێتە سیمبولی دەنگ هەڵبڕین بۆ هاتنە دەرەوە لە ماڵ و پچڕاندنی کۆت و بەندی دابو نەریت ، زۆرینەی ڕەخنەگران کەسایەتی نورا بە ترۆپکی کەسایەتییەکانی ئەبسن ئەژمارد دەکەن لە شانۆنامەکانیدا ، لێرەدا ئیدی بەم شێوازە دەوترێت شانۆی ژنانە یان شانۆیەك بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان وەك چۆن ئەبسن دەڵێت ( یاسایەك کە پیاو بینووسێتەوە مەحاڵە بتوانێت داکۆکی لە ژنان بکات )

گەزیزە